# کاریگەریی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر لەسەر بەدەستەێنان قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی

هەڤاڵ فەیسەڵ عەبدولعەزیز دەلۆ
Havan.Abd2306@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
پرۆفیسۆر
د.مەهاباد عەبدولکەریم ئەحمەد
mahabad.abdulkarim@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا زانینی "کاریگەریی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر لەسەر بەدەستەێنانی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی"، وبۆ بەدیەێنانی ئەم ئامانجە توێژەر ئەم گریمانە سفرییەی خوارەوەی داناوە:

توێژەر دیزاینی ئەزموونی کۆنترۆڵی بەشەکی بۆ هەردوو گروپی(ئەزموونی،و کۆنترۆڵکراو)هەڵبژاردووە،ولەبەر ڕۆشنایی ئەم دیزاینی ئەزموونیە توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی هەڵبژاردووە لە قوتابخانەی

لەیلا قاسمی سەرەتایی سەر بەبەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوك بۆ جێبەجێکردنی ئەن توێژینەوەیە لەوەرزی یەکەمی،ساڵی خوێندنی(2023-2024).

توێژەر بەراکێشانی هەڕەمەکی هەردوو لقی (أ- ب)یش هەڵبژارد، تاکو نوێنەرایەتی لقی (أ) لە کۆمەڵەی ئەزموونی بکات کە ژمارەیان (38) قوتابیی بوو و بەپێی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفری دەیانخوێند، لقی (ب)یش نوێنەرایەتی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوی دەکرد کە ژمارەیان گەیشتە (37) قوتابیی و بە ڕێگەی ئاسایی دەیانخوێند..

# اثر استراتيجية كرة الثلج في تحصيل تلامذة الصف الخامس الابتدائي نحو مادة قواعد اللغة الكردية

هڤال فيصل عبدالعزيز
Havan.Abd2306@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
أ.د.مهاباد عبدالكريم احمد
mahabad.abdulkarim@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
جامعة بغداد ، كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية،قسم اللغة العربية

**الملخص**

يهدف البحث الحالي إلى معرفة (اثر استراتيجية كرة الثلج في تحصيل تلامذة الصف الخامس الابتدائي نحومادة قواعد اللغة الكردية) ولتحقيق هدف البحث وللتحقق من ذلك اختار الباحث التصميم التجريبي ذا الضبط الجزئي (التجريبية،والضابطة)ذات الأختبار البعدي ،وفي ضوء التصميم التجريبي للبحث وأختار

الباحث عشوائيا تلاميذ الصف الخامس الأبتدائي(مدرسة ليلى قاسم)التابعة الى المديرية العامة لتربية محافظة كركوك،لغرض تطبيق البحث الحالي في الفصل الدراسي الأول،للسنة الدراسية(2023–2024).
أختار الباحث بطريقة السحب العشوائي واختيرت الشعبتين ( أ – ب ) عشوائيا لتمثل شعبة (أ) المجموعة التجريبية البالغ عددها (38) تلميذاً وتلميذة والتي درست وفق استراتيجية كرة الثلج ، وشعبة (ب) لتمثل المجموعة الضابطة البالغ عددها (37) تلميذاًوتلميذة والتي درست وفق الطريقة الاعتيادية.
وجود فرق ذي دلالة أحصائية عندى مستوى دلالة(0,05) بين متوسط تحصيل درجات تلامذة مجموعتي البحث في مادة قواعد اللغة الكردية على وفق استراتيجية كرة الثلج على طلاب المجموعة الضابطة الذي يدرسون المادة نفسها بالطريقة التقليدية في متغير التحصيل الدراسي.
**الكلمات المفتاحية:استراتيجية كرة الثلج ، التحصيل ، قواعد اللغة الكردية.**

# The effect of snowball strategy on the achievement of fifth grade students towards Kurdish grammar

**Haval faisal abdulaziz dalo**

**Prof. Dr.Mahabad Abdulkareem Ahmed**

**University of Baghdad, College of Education Ibn Rushd for Humanitarian Sciences,Kurdish Language Department**

**Abstract:**

The primary objective of the current investigation is to examine the impact of the " snowball strategy " on the academic accomplishments and attitudes of students in the fifth grade with regards to the study of Kurdish grammar. In order to achieve this particular goal, two null hypotheses have been created.

The first null hypothesis postulates that there is no statistically significant distinction, at the 0.05 significance level, between the average scores of the students in the experimental group who are studying Kurdish grammar utilizing the " snowball strategy, and the average scores of the students in the control group who are studying the same subject through the utilization of conventional methods in the achievement test.

The second null hypothesis posits that there is no statistically significant distinction, at the 0.05 significance level, between the average scores of the students in the experimental group who are studying Kurdish grammar using the " snowball strategy, and the average scores of the students in the control group who are studying the same subject through the utilization of conventional methods in the attitude scale

**کلیلی وشەکان: ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر ، بەدەستەێنان ، پاڵنەریی ، ڕێزمانی کوردی.**

**یەکەم -کێشەی توێژینەوەکە:**

هەستکردن بە کێشەی قوتابیان و بەدەستەێنانی نمرە لە بابەتی رێزمانی کوردی زادەی ئەم سەردەمەمان نییە، بەڵکو مێژوویەکی درێژو رەگوڕیشەی قووڵی هەیە، چونکە کێشەی رێزمانی کوردی لە گرفتە پەروەردەییە ئاڵۆزەکان دادەنرێت و لەو بابەتانەش دادەنرێت که دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی فێرخوازان لێی و بیانووی جۆراوجۆری بۆ دەدۆزنەوە، وێڕای هەوڵدانیان بۆ فێربوون، لەبەرئەوەی زۆرێك لە فێرخوازان سکاڵاو گلەیی ئەوەیان هەیە کە بابەتی رێزمان وەکو بابەتێکی پێشکەشکراو بۆیان لە قۆناغە گشتییەکانی خوێندن، بابەتێکی وشك و برینگە، زێدەباری زۆری ئەو هەموو هەڵە رێزمانییەی دەیکەن و بێ توانابیان لە کۆنترۆڵ کردنی تەواو و راست و دروستی کۆتاییەکانی وشەکان چ لە رووی گۆکردن و دەربڕین، یان نووسینەوە بێگومان ئەمەش بۆتە مایەی دابەزینی ئاستی خوێندن و بەدەستەێنان تیایدا، بە جۆرێك زۆربەی رێگە باوەکانی وانەوتنەوە بەپێی ئەوەی (عطية) ئاماژەی پێداوە، رۆڵی بنەرەتی و ئەرێنی بە مامۆستا دەدات و هەر ئەویش بە سەرچاوەی ئەزموون و زانست و زانیاری دادەنێت، کەچی رۆڵی قوتابی تیایدا تەنها رۆڵێکی نەرێنی و وەرگری ناکارای پرۆسەی پەروەردەو وانەوتنەوە دەبێت، پێچەوانەی رێگە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە، کە جەخت لەسەر رۆڵی ئەرێنیی قوتابی و چالاککردن و پێدانی رۆڵی گرنگ و چڕیان پێ دەدات لە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی خوێندن. (عطية، 2006، ل42).

بەمەش دەکرێ گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارەی خوارەوە گەڵاڵە ببێت:

**ئایا - ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر کاریگەریی لە بەدەستەێنان و پاڵنەری قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی هەیە لە بابەتی رێزمانی کوردی؟**

**دووەم- گرنگی توێژینەوە:**

سەردەمی ئێستامان بە سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیا دەناسرێتەوە، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە زانستییەی کە بوارەکانی ژیان بە گشتی و بواری پەروەردەو فێرکردن بە شێوەیەکی تایبەتی بەخۆوەی بینیوە، بە جۆرێك زانستە جیاوازەکان و پراکتیزەکردنیان لە پێداویستییە هەرە لە پێشەکانی ئەم پێشکەوتنەیە بۆیە پێویستی هەستکردنیان بە گرنگییەکەی و پاراستنیان لە رێگەی رێبازو میتۆدی زانستیی دروستەوە هەبێت (صالح، 2016، ل180).

زمانی کوردی ئەمڕۆ خاوەن پێگە وشوێنی خۆیەتی لەناو زمانەکانی جیهان لەخوارەوە گرنگی ئەم زمانە بەچەند خاڵێک دەخەینەڕوو:

1- رۆڵی زمانی زانست وئەکادیمییەت، بەتایبەتی لەزانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەشێوەیەکی کارەکی دەبینێ وبەردەوامیشە.

2- زمانی کوردی قۆناغی نوێی گەشە وگۆڕان و پەرەسەندنی لەبواری فراوانبوونی وشەو شێوەزار بەخۆیەوە بینیوە.(شوانی،2008،ل132).

زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانەکانی دیکە رێزمانی تایبەت بە خۆی هەیەو لەسەر بابەتە جێگیرەکانیشی رێزمانەکەی دادەڕێژرێت، لە رووی ئەوەی ئەو رێزمانە پەیوەستە بە هەموو هونەرەکانی زمانەوەو رەگەزو لایەنێکی بنەڕەتیشە تیایدا (قادر، 2004، ل. 152)

**سێیەم - ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناسین و زانینی "کاریگەریی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر لەسەر بەدەستهێنان و پاڵنەریی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی"یە.

**چوارەم - گریمانەکانی توێژینەوە :**

نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی زمانی کوردییان بەپێی ستراتیجییەتی (تۆپەڵە بەفر) خوێندووەو ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ئەوانەی هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندووە لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی پاشەکی.

**پێنجەم - سنووری توێژینەوە:**

**سنووری توێژینەوەکە بەم جۆرەی خوارەوەیە:**

1. قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگای کەرکوک - دەوامی بەیانییان.
2. یەکێک قوتابخانە لە قوتابخانە سەرەتایی و حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشت لە پارێزگای کەرکوک - دەوامی بەیانییان.
3. ژمارەیەك لە بابەتەکانی کتێبی بڕیار لەسەر دراوی بابەتی (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی) بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی کە بۆ ساڵی خوێندنی (2023- 2024) بڕیاری خویندنی دراوە، بابەتەکانیش بریتی بوون لە: (رستە، جۆرەکانی وشە لە رووی داڕشتنەوە، بڕگە، پیت، وشە، چاووگ، کار، ناو).
4. کۆرسی خوێندنی یەکەم لە ساڵی خوێندنی (2023- 2024).

**شەشەم - دەستنیشان کردنی زاراوەکان:**

**یەکەم - کاریگەری:**

**لە رووی زاراوەییەوە هەر یەکە لەمانەی خوارەوە بەمجۆرە پێناسەیان کردووە:**

1. ابراهیم: "توانای بکەری لێکۆڵینەوەکەیە لەسەر هێنانەدیی ئەرێنی، بەڵام ئەگەر ئەنجامەکە سەرکەوتوو نەبوو و نەهاتەدی، ئەو کاتە بکەرەکە لەوانەیە ببێتە هۆکاری راستەوخۆی روودانی کێشەو ئارێشەی نەرێنی" (ابراهیم، 2009، ل.30).
2. عبد : "ئەو ئەنجامەیە کە لە رووداوێك، یان دیاردەیەك یاخود پەیوەندییەکی هۆکارییەوە دێتە ئاراوەو سەرهەڵدەدات" (عبد، 2010، ل. 16).

**دووەم - ستراتیجییەت:**

پلانێکی ڕێکوپێکە لە پێناو هێنانەدیی ئەو ئامانجە فێرکاریانەی ڕێگەکانی وانەوتنەوەو ئەو تەکنیك و ڕێکارانەیە کە مامۆستا لەبەر ڕۆشنایی توانا بەردەستەکان بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان دەیانگرێتەبەر" (عطیة، 2008، ل. 30).

**پێناسەی ڕێکاریی ستراتیجییەت:**

ستراتیجییەت بریتییە لە کۆمەڵە هەنگاو و ڕێکارییەك کە مامۆستا (توێژەر) پلانکاری بۆ دەکات بە مەبەستی بەکارەێناین لە کاتی وانەوتنەوەی بە قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی (نموونەی ئەزموونیی توێژینەوەکە) لە بابەتی ڕێزمانی کوردی، ئەو کارەی کە دەستەبەری هێنانەدیی ئامانجە چاوەڕوان کراوەکان دەکات لە کۆتایی وەرزی خویندن.

**سێیەم- ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر:**

بریتییە لە ستراتیجییەتێکی فێرکاری لەسەر کرداری پرسیارکردن راوەستاوە بێ ئەوەی مامۆستا وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، ئەوش بە مەبەستی خوڵقاندنی گفتوگۆ و کارکردن لەسەر کۆکردەوەی بیرۆکە لە میانی خستنەڕووی راوبۆچوونەکان و خوڵقاندنی مشتومڕو گفتوگۆی زیاتر بە مەبەستی دابینکردنی بەشدارییەتی تەواو لەلایەن قوتابیانەوە" (petty,2009,p.52).

**پێناسەی ڕێکاریی ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر:**

ستراتیجییەتێکی فێرکردنی فێربوونی چالاکەو لەسەر گۆڕینەوەی گفتوگۆو کارلێکی نێوان قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە شێوەی گرووپ راوەستاوە، بە پرسیارکردن لە قوتابیان دەست پێ دەکات، تاکو قەبارەی زانیارییەکانیان زیاتر ببێت و وایان لێ بکات ئاستی پاڵنەریان بەرەو بابەتەکە باشتر ببێت.

**چوارەم- بەدەستەێنان (دەستکەوت- التحصیل):**

ئاستی ئەو بەرهەم و ئەنجامانەیە کە فێرخوازان بە تێپەڕبوونیان بە ئەزموونی وانەوتنەوەی دیاریکراو دەیەێننەدی، ئەو کارەی ئاستی پێشکەوتنیان بەرەو ئاراستەو مەبەستی دیاریکراو ئاشکراو مسۆگەر دەکات" (زیتون ،2010، ل.479).

**پێناسەی ڕێکاریی بەدەستەێنان (دەستکەوت- التحصیل):**

ئەو نمرانەیە کە قوتابیانی -نموونەی توێژینەوەکە- لە تاقیکردنەوەی بەدەستەێنانی پاشەکی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەو بابەتانەی کە لە کاتی تاقیکردنەوەکەدا دەخوێندرێت بەدەستی دەهێنن.

**پێنجەم -پاڵنەری :**

کۆمەڵە پرۆسەو کردارێکە کار لەسەر جوولاندنی رەفتاری ئاراستەکراوی تاك دەکەن بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو پاراستنی و لە کۆتاییشدا راگرتنی (الریماوی، 2004، ل. 201).

پێناسەی ڕێکاریی پاڵنەری

بریتییە لە پرۆسەی وروژاندنی چالاکیی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی و ڕەفتارەکانیان بەرەو فێربوونی بابەتی ڕێزمانی کوردی و بەو نمرەیە پێوانە دەکرێت کە قوتابیان بەپێی پێوەرێك بەدەستی دەهێنن و لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە.

**شەشەم- ڕێزمانی کوردی:**

ئەو بابەتە بڕیار لەسەردراوانەیە کە قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە ناو کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی (2022- 2023) دەیخوێنن.

**حەوتەم- پۆلی پێنجەمی سەرەتایی:**

پۆلێکە لە پۆلەکانی قۆناغی سەرەتایی کە ماوەی خوێندن تیایدا شەش ساڵەو ئەرکەکەیشی ئامادەکردن و پێگەیاندنی قوتابیی (نێرو مێیە) بۆ ژیانی کرداری، یان خویندنی ناوەندی. (جمهورية العراق، وزاره التربيه، المناهج والكتب، 2013، ل. 7).

**لایەنە تیۆرییەکان و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم : تیۆری بونیادگەرایی:**

**ڕەگوڕیشەی مێژوویی تیۆری بونیادگەرایی:**

تیۆری بونیادگەرایی لەم ساڵانەی دواییدا پێشوازییەکی بەرچاوی لێکرا، وێڕای ئەوەی بیرۆکەکەی تازە نەبوو، چونکە دەکرێ تێبینیی ئاراستەکان بەرەو تیۆری بونیادگەرایی لە میانی کارەکانی هەر یەکە لە سوقرات، ئەفلاتۆن و ئەرستۆ (لە 320 تاکو 470 پ.ز) بکرێت، کە هەموویان قسەیان لەسەر "پێکەێنانی مەعریفەت" کردووە. چونکە لە میانی تیۆری مەعریفەتەوە کە وەکو هەڕەشەیەك بەرانبەر تیۆری ڕەفتاری سەریهەڵداو دەرکەوت، کە لەوانەیە ڕەگوڕیشەی مێژوویی (مەعریفەت) بگەڕێتەوە بۆ فەیلەسووفی یۆنانی ئەفلاتۆن کە باوەڕی بەوە هەبوو مەعریفەتی کەسێتی بریتی نییە لە مەعریفەتی بۆماوەیی، واتە بۆماوەیی نییە، بە واتایەکی دیکە ئەرکی مامۆستایان لەوەدایە یارمەتیی فێرخوازان بدەن لەسەر وەبیرهاتنەوەی ئەو مەعریفەتانە.

**چەمکی بونیادگەرایی :**

تیۆری بونیادگەرایی پێیوایە کە ئەو تیۆرە پەروەردەییە نوێیانە لە تیۆرەکانی مەعریفەتەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەمەش لەو تیۆرانە دانراوە کە خاوەن بنەمای تەواون بۆ چاکسازیی باو لە پرۆسەی فێرکردن. (أبو رياش، 2007، ل. 287). چونکە ئەم تیۆرە لە پێدراوەکانی تیۆری مەعریفەتەوە هەنگاو هەڵدەهێنن لە رووی ئەوەی فێرخواز بایەخ بە زانینی خۆی دەدات لە میانی کارلێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو بابەتەی دەیخوێنێت.

بنەماو ڕێساکانی تیۆری بونیادگەرایی:

بەخشینی تێڕامان و تێڕوانین دەربارەی واقیع بە فێرخواز.

فێرخواز بکرێتە تەوەری پرۆسەکانی فێربوون.

وا لە فێرخوازان بکرێت خۆیان ئامانجەکانی فێربوونیان دابڕێژن.

دەبێ بواری مەعریفەت و ئەرکەکان لە ژینگەی فێربووندا هاوتا بکرێن.

رۆڵی مامۆستا بە بەراورد بە رۆڵی فێرخوازان کەم بکرێتەوە.

دەبێ بیرۆکەکان لە نێوان قوتابیان و هاوپۆل، یان هاوڕێکانیاندا بگۆردرێنەوە.

بەێزکردنی پرۆسەی پەرچە خۆراك (التغذية الراجعة- فيدباك). (قطامي، 2013، ل. 758) و (زيتون،2007، ل. 45).

سێیەم – ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر:

ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر بە یەکێك لە ستراتیجییەکانی فێربوونی چالاك دادەنرێت و زیاتر جەخت لەسەر شێوازەکانی فێربوون دەکاتەوە لە جەختکردنەوەی لەسەر بەرهەمەکانی فێربوون، ئەوەش لە ژێر ناوی ئەوەی هەر ئامرازێکی سەرکەوتوو و جیاواز، لە خودی خۆیدا فێربوونێکی سەرکەوتووە، هەروەها فێربوونی چالاك وا لە فێرخواز دەکات ببێتە تەوەری پرۆسەی فێرکردن، پێچەوانەی شێوازەکانی فێربوونی ئاسایی کە وا لە مامۆستا دەکات ببێتە تەوەری پرۆسەی فێرکردن (أبو الحاج والمصالحة، 2016، ل. 16).

تایبەتمەندییەکانی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر :

دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی فێربوونی چالاك کە لە سەر تیۆری بونیادگەرایی راوەستاوە.

فێرخواز تەوەری پرۆسەی فێرکردن و فێربوون و چەقی پرۆسەکەش دەبێت.

لەسەر بنەمای ئەوە بونیاد دەنرێت، کە مەعریفەت لە رێگەی تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی بەشەکانییەوە پێکدێن.

ئاماژە بە بنەماو رێسای پەیبردن و درکپێکردنی ئاسانی پەیبردن وەکو گشت دەدات، پەیبردنی گشتیش کاتێك بە پەیبردنی بەشەکانییەوە دێت، بۆ فێرخوازیش ئاسان و لە هزرو مێشکیشیدا جێگیرتر دەبێت. (عطية،2018، ل. 219).

مامۆستا لە بەر رۆشنایی ئەنجامەکانی کاری بە کۆمەڵ مەزەندەی خۆی بونیاد دەنێت.

بۆ پێوانەکردنی تێگەیشتنی قوتابیان لە ناوەڕۆکی بابەتەکە لە پرۆسەی خوێندن پرسیار دادەنرێت (مزدلفة،2019، ل. 15).

فێرخوازان لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی دەخرێتە ئەستۆی هەر کۆمەڵەیەك لەگەڵ یەکتری هاوکاری دەکەن.

**فێرخواز ئاستی خۆی و لایەنە بەهێزو بێهێزەکانی دەزانێت و هەوڵی چارەسەرکردنی لایەنەکانی لاوازیی دەدات و پشتگیریی لایەنە بەهێزەکانی دەکات. (خيري، 2018،ل. 26–27).**

**چوارەم– بەدەستهێنان (دەستکەوت)ی خوێندن:**

دەستکەوت، یان بەدەستهێنانی خوێندن پێگەیەکی گەورەو بەرچاوی لە پرۆسەی فێرکردندا هەیە، لە سۆنگەی ئەوەی لە گرنگترین دەرچەکانی فێربوون کە فێرخواز هەوڵی بۆ دەدات و کۆششی بۆ دەکات، بایەخەکەیشی لە پرۆسەی فێرکردندایە چونکە وەکو پێوەرێك چارەسەری پێوانەی ئاستی لێهاتوویی پرۆسەی فێرکاری دەکات لە گەشەپێدانی بەهرەو تواناکانیان لە کۆمەڵگە، ئەمەش زەمینەسازی بۆ سوودوەرگرتن و قۆستنەوەی ئەو توانایانە دەکات لە خزمەت و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە، هەروەها دەستکەوت یان بەدەستهێنانی خوێندن لە رێکارییە خۆپارێزییەکان دادەنرێت لە نەکەوتنە ناو گرفتی ئاسایشی و تێکدەرانە کە زۆرێك لە کۆمەڵگەکان بە هۆی داڕووخانی ئاستی خویندن و کەمیی بەدەستهێنانی خوێندن بە دەستییەوە دەناڵێنن و زۆرێك لە قوتابیانیان لە خوێندن دوور دەکەونەوەو دادەبڕێن. (احمد , 2010،ل. 94).

**پێنجەم– پاڵنەری:**

**بەو چاوەوە سەرنج لە پاڵنەری دەدرێت کە ئەو بزووێنەرەیە لە پشت رەفتاری مرۆڤ و ئاژەڵیشەوە راوەستاوە، کە لەوانەیە هۆیەك یان چەندین هۆکار هەبن و پاڵ بە مرۆڤەوە بنێن بۆ ئەنجامدانی رەفتارێکی دیاریکراو، ئەو هۆکارانەش پەیوەستن بە حاڵەتی ناوخۆیی گیان لەبەرەکەوە، کەواتە پاڵنەر ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە هەلومەجرێکی ناوخۆیی و دەرەکی تاك لە پێناوی دووبارە هاوسەنگ کردنەوەی ئەوەی لە دەستی چووە دەبزوێنێت و دەیخاتە جووڵە، بەمەش پاڵنەری بریتییە لە خولیاو ئەندێشەیەکی تاکە کەسی بۆ گەیشتن بە هێنانەدیی ئامانجێکی دیاریکراو، ئەو ئامانجەش لەوانەیە رازیکردنی پێداویستییەکی ناوخۆیی یان ئارەزووی ناوخۆیی بێت (عدس ومحي الدين، 2012، ل.140).**

**خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر:**

**توێژەر سەرنجی کۆمەڵێك توێژینەوەی پەیوەست بە گۆڕاوەکانی لێکۆڵینەوەکەی داوە، کە ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفرە، بەو پێیەی گۆڕاوێکی سەربەخۆیەو بەدەستهێنان و پاڵنەریش بەوپێیەی دوو گۆڕاوی پاشکۆن، ئەو لێکۆڵینەوانەش بۆ سێ تەوەر پۆلین کراون.**

## خشتەی (2) خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر

## أ-ئەو لێکۆڵینەوانەی تاووتوێی ستراتجیی تۆپەڵە بەفرو پالنەریيان کردووە

| ژ | ناوی لێکۆڵینەوەو ساڵ | شوێنی لێکۆڵینەوە | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | جنس العينة | قەبارەی نموونە | ڕێبازی لێکۆڵینەوە | ئامرازی لێکۆڵینەوە | ئامرازە ئامارییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | | | | | | | | |
| 1 | لێکۆڵینەوەی مهدي 2017م | عێراق | کاریگەریی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر لە گەشەپێدانی پاڵنەری و بەدەستهێنان لە بابەتی مێژوولای قوتابیانی پەکەمی ناوەندی | مێ | 62 | ڕێبازی ئەزموونی و گەشەپێدانی | تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان | T.Test-) تاقیکردنەوەی تائی ( کای دووجا - جیاکاری- ئامرازی ئاماریی دیکە |
| 2 | لێکۆڵینەوەی یوسف وجردو2021م | عێراق | کاریگەریی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر لەهەستی زانستی و بیرکردنەوەی ئایندەیی لای | نێر | 78 | ڕێبازی ئەزموونی | هەستی زانستی و بیرکرنەوەی | T.Test-) تاقیکردنەوەی تائی ( کای دووجا- هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی وجیاکاری- |
| 3 | لێکۆڵینەوەی الجبوري والطائي 2022 | عێراق | کاریگەریی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر لە پاڵنەریی فێربوون لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی ئەدەبی لە | نێر | 58 | ڕێبازی ئەزموونی | پاڵنەریی فێربوون | T.Test-) تاقیکردنەوەی تائی ( کای دووجا-جیاکاری-ئامرازە ئامارییەکانی دیکە |
| 4 | لێکۆڵینەوەی الجحيشي2022م | عێراق | کاریگەریی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر لە فێربوونی شێوازی زمانەوانی و گەشەپێدانی هەندێك کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی سەرەتایی | نێر | 61 | ڕێبازی ئەزموونی | تاقیکردنەوەی شێوازە زماانییەکان و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە | T.Test-) تاقیکردنەوەی تائی ( تاقیکردنەوەی شێوازە زمانییەکان- هاوکێشەی (کوردر- ریچاردسۆن-20)- هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن |

| ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە |
|---|
| سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر |
| سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر |
| سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر |
| سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر خوێندوویانە بەسەر قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنرۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندووەلە بەدەستهێنانی پاشەکی |

## ب- ئەو لێکۆڵینەوانەی تاووتویی ڕێزمانی کوردی وپاڵنەریی

| ژ | ناوی لێکۆڵینەوەو ساڵ | شوێنی لێکۆڵیەوە | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | رەگەزی نموونەکە | قەبارەی نموونەکە | ڕێبازی لێکۆڵینەوە | ئامرازی لێکۆڵینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | احمد 2016 | عێراق | کاریگەرییبەکارهێنانی سترتیجی فێربوونی جیاکراو و بە کۆمەڵ لە بەدەستهێنانی خوێندن بۆ بابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی | مێ | 69 | ڕێبوازی ئەزموونی | تاقیکردەوەی بەدەستهێنان |
| 2 | احمد 2019م | عێراق | کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجیی ریزکردنی لۆژیکی لە بەدەستهأن لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە بابەتی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی و پارێزگاری کردنی | مێ | 54 | ڕێبوازی ئەزموونی | تاقیکردەوەی بەدەستهێنان و پارێزگاریکردن |
| 3 | نجم 2022 | عێراق | کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجیی رایەخی شوێن لە بەدەستهێنانی بابەتی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی و مەیلیان بەرەو بابەتەکە | نێرو مێ | 40 | ڕێبوازی ئەزموونی | تاقیکردەوەی بەدەستهێنان و پێوەری مەیل |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئامرازە ئاماریەکان | هاوکێشی گرانی و جیاکاری - هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ | تاقیکردنەوەی تائی ( t-test ) - هاوکۆلکەی گرانی و جیاکاری و چالاکیی جێگرەوە هەڵەکان و هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ | ( t-test ) - هاوکۆلکەی گرانی و جیاکاری و چالاکیی جێگرەوە هەڵەکان و هاوکێشەی ئەلفا پێرسۆن - هاوکێشەی کرونباخ |
| ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە | سەرکەوتنی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە هەردوو ستراتیجیەتی فێرکردنی جیاکراوو بە کۆمەڵ خوێندوویانە بەسەر قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بەدەستهێنانی پاشەکی | سەرکەوتنی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە ریزکردنی لۆژیکیان خوێندووە بەسەر قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی پاشەکی و [illegible] | سەرکەوتنی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیجیەتی رایەخی شوێن خوێندوویانە بەسەر قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بەدەستهێنانی پاشەکی |

**سێیەم- لایەنەکانی سوودوەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر:**

لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر لە چەندین لایەن و کاری جۆراوجۆردا سوودیان بە توێژەر گەیاندووە، لەوانەش:

1. دەستنیشان کردنی گرفتی توێژینەوەکە بە وردی.
2. هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونیی گونجاو بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.
3. زانینی ئەو سەرچاوانەی پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە.
4. لە چۆنیەتیی پراکتیزەو جێبەجێ کردنی توێژینەوەکەی و هەڵبژاردنی ئامرازە ئامارییە گونجاوەکان سوودی بە توێژەر گەیاندووە.
5. هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونی بەشە کۆنترۆڵکراوی گونجاو بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.
6. هەڵبژاردنی ئامرازە ئامارییە گونجاوەکان بۆ ڕێکارییەکان و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارییەکانی**

ئەم بەشە خستنەڕووی ڕێبازو میتۆدی توێژینەوەکەو ڕێکارییەکانی دەخاتەڕوو، لە لایەنی هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونیی گونجاو و دەستنیشان کردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو هەڵبژاردنی نموونەکەی و ڕێکارییەکان هاوسەنگ کردنی و دەستنیشان کردنی بابەتە زانستییەکەو دارشتنی ئامانجە رەفتارییەکان و ئامادەکردنی پلانەکانی وانەوتنەوەو ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکەو بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی گونجاو، وا لە خوارەوەش بە درێژی باسیان دەکەین.

**دیزاینی ئەزموونی:**

دیزاینی ئەزموونی لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکەی، لە گرانترینی ئەو ئەرکانەیە کە دەکەوێتە ئەستۆی بەرپرسیارێتیی توێژەر، چونکە سەلامەتیی دیزانەکەو دروستییەکەی دڵنیایی و دابینکردنی بناغەی گەیشتنە بە ئەنجامە متمانەو باوەڕ پێکراوەکان (التميمي،2013،ل.26). چونکە هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونیی گونجاو بە یەکەم هەنگاوی تاقیکردنەوەی راستی و دروستیی گریمانەکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی دیزاینی ئەزموونی پلانکاریی کارو بەرنامەی کاری چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ئەزموونەکەیە، مەبەستیشمان لە ئەزموونەکە پلانکاریی هەلومەرج و هۆکارەکانی دەوروبەری ئەو دیاردەیەیە کە بە رێگەیەکی دیاریکراو و پاشانیش تێبینی کراوی ئەوەی رووەدات لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین (الأسدي وسندس،2015،ل.151). بۆیە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بە دیزاینی ئەزموونیی بەشە کۆنترۆڵ و تاقیکردنەوەی پاشەکی بەست، بە جۆرێك کۆمەڵەی ئەزموونی کەوتە بەر کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ستراتیجیی (تۆپەڵە بەفر) و کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کراویش کەوتە بەر رێگەی ئاسایی. دیزاینی ئەزموونی پلانی کار پێکدەهێنێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، کە ئەوەش بە سرووشتی گرفت و هەلومەرجی تایبەت بە نموونەکان دەستنیشان دەکرێت، بە تایبەتی بەو نموونەیەی کە لە لایەن توێژەرەوە هەڵدەبژێردرێت، سەرباری زیادبوونی شکستخواردنی ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەی رووبەڕووی توێژەر دەبنەوە لە کاتی ئەنجامدانی رێکارییەکانی پرۆسەی شیکردنەوەی ئاماری کە لە ئەنجامی رێکارییەکانی ئەزموونەکە بەدەستی دەهێنێت (المحمودي، 2019، ل.70).

**ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دیزاینی ئەموونیی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بۆ هەردوو کۆمەڵەی هاوسەنگ (ئەزموونی و کۆنترۆڵ کراو) دەردەخات. شێوەی (1) ئەوە روون دەکاتەوە:**

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | ئامرازی توێژینەوە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر | بەدەستهێنان و پاڵنەری | تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان و پێوەری پاڵنەری |
| کۆنترۆڵ کراو | ———— | | |

**سێیەم- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم ئەو تاك و شت و کەسانەی کە داتاکانی ئەم دیاردەیە هەڵدەگرن و بابەتی گرفتی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، بە واتایەکی دیکە هەموو ئەو رەگەزانەی بە گرفتی توێژینەوەکەوە پەیوەندیدارن، توێژەریش کۆشش بۆ ئەوە دەکات کە ئەنجامی توێژینەوەکەی بەسەریاندا بگشتێنێت (عباس وآخرون،2011،ل217).

توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی لە قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانە سەرەتاییە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگای کەرکوك بۆ ساڵی خوێندنی (2023- 2024) کە دەوامیان بە رۆژە دیاری کردووە، لە پێناوی ئەوەش توێژەر لە میانی نووسراوێکی ئاسانکاریی ئەرك کە لە لایەن زانکۆی بەغدا/ کۆلێژی ئیبن روشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان دەرچووە، بە مەبەستی سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگای کەرکوك/ بەشی ئامارو پلاندانان کرد پاشکۆی (1) بۆ دەستنیشان کردنی ئەو قوتابخانە سەرەتاییانەی سنووری پارێزگای کەرکوك کە ژمارەیان (23) قوتابخانەی سەرەتایی حکومی بوون، وەك ئەوەی لە خشتەی (3)دا روون کراوەتەوە.

خشتەی (3)

ناوی قوتابخانەو شوێنەکانیان لە پارێزگای کەرکوك بۆ ساڵی خوێندنی (2023- 2024)

| ژ | ناوی قوتابخانە | جۆر | شوێنی قوتابخانە | هۆبەکان | قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شۆڕیجەی کوڕان | کوڕان | شۆڕیجە | 2 | 32 |
| 2 | شۆرجەی کچان | کچان | شۆڕیجە | 2 | 32 |
| 3 | هەڵگورد | تێکەڵ | شۆڕیجە | 2 | 35 |
| 4 | تاڤگە | تێکەڵ | شۆڕیجە | 2 | 33 |
| 5 | لەیلا قاسم | تێکەڵ | شۆڕیجە | 3 | 67 |

**چوارەم- نموونەی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە نموونەی توێژینەوە بەشێکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو هەڵبژاردنی بە رێگەی دیاریکراو دەبێت، توێژەر بە مەبەستی ئەنجامدانی رێکارییەکانی توێژینەوەکەی هەڵیاندەبژێرێت، لە

ڕێگەی نموونەکانی توێژینەوەکەشەوە پرۆسەی گشتاندن ئەنجام دەدات (العتوم والمنيزل، 2010، ل. 101).

توێژەر قوتابخانەی (لەیلا قاسم)ی سەرەتایی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی پارێزگای کەرکوك هەڵبژارد

توێژەر بە دەستنیشان کردنی هەڕەمەکی دوو هۆبەی (أ، ب)ی هەڵبژارد کە ژمارەیان (75) قوتابیی کوڕو کچ بوو، هۆبەی (أ)ی وەکو کۆمەڵەی ئەزموونی و هۆبەی (ب)ی وەکو کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کراو و بە واقیعی (38) قوتابی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و (37) قوتابی بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە شێوەیەکی بەرایی و دوای ئەوەی لە رووی ئامارییەوە قوتابییەکی دەرنەچووی لە کۆمەڵەی ئەزموونی دوورخستەوە، لەگەڵ مسۆگەرکردنی مانەوەی لە پۆل بە مەبەستی پاراستنی سیستەمی قوتابخانەو بەردەوامیدان بە خوێندنەکەی

**خشتەی (4)**

**ژمارەی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەکە پێش دوورخستنەوەو دوای دوورخستنەوەکە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ژمارەی تاکەکانی نموونەکە پێش دوورخستنەوە | ژمارەی تاکە دوورخراوەکانی نموونەکە | ژمارەی تاکەکانی نموونەکە دوای دوورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | أ | 38 | 1 | 37 |
| کۆنترۆلکراو | ب | 37 | 0 | 37 |
| کۆی گشتی | | 75 | 1 | 74 |

**پێنجەم- هاوسەنگیی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە:**

توێژەر بەر لە دەستپێکردنی توێژینەوەکەی سووربوو لەسەر ئەنجامدانی هاوسەنگیی نێوان قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە هەندێك گۆڕاو کە لەوانەیە کار بکەنە سەر سەلامەتیی ئەزموونەکە، ئەو گۆڕاوانەش بریتی بوون لە:

1) تەمەنی قوتابیان لە رووی کاتەوە بە مانگ هەژمار بکرێت. پاشکۆی (6-أ).
2) ئاستی خوێندنی باوان.
3) نمرەکانی بابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی رابردوو (2022 – 2023). پاشکۆی (6-ب).
4) پێوەری پاڵنەری.

**1.تەمەنی قوتابیان لە رووی کاتەوە بە مانگ هەژمار بکرێت:**

لە ڕێگەی ئامادەکردنی فۆرمێکی تایبەتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە لە لایەن توێژەرەوە ئامادە کرابوو، لەوەی پەیوەستە بە تەمەنی قوتابیانەوە، توێژەر توانی زانیاریی پێویست لەسەر تەمەنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە مانگ وەربگیرێت، ئەوەش دوای دابەشکردنی فۆرمەکە بە سەر قوتابیان، زێدەباری دۆسیەی قوتابخانە و بە هاوکاری لەگەڵ کارگێڕیی قوتابخانە زانیارییە پێویستەکانی تەمەنی قوتابیان بەدەستهات

**خشتەی (5)**

**ناوەندە هەژمارو لادانی پێوەری و بەهای تائی (هەژمارکراو و خشتەیی) لە تەمەنی قوتابیانی هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | جیاوازی | نمرەی ئازاد | بەهای تائ | | ئاستی بەڵگەداری (0,05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 37 | 134.5 | 8.692 | 74.459 | 73 | 0.386 | 2 | بەڵگەداریی ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | 37 | 135.189 | 6.686 | 44.702 | | | | |

**2.ئاستی خوێندنی باوکان:**

توێژەر لە میانی فۆرمێکەوە کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەی کردبوو و بە یارمەتیی کارگێڕیی قوتابخانە بەسەر قوتابیاندا دابەشی کردبوو، توانی زانیاریی پێویست لەسەر ئاستی خوێندەواریی باوکان بەدەست بهێنێت پاشکۆی (4)، دوای بەدەستهێنانی زانیارییە پێویستەکان و بەکارهێنانی چوارگۆشەی (کا$^2$)، ئەنجامی داتاکان بە بەکارهێنانی کای دووجا دەرکەوت، بەوەی بەهای (کا$^2$)ی هەژمارکراو (1.84) بوو، ئەمەش لە بەهای (کا$^2$)ی خشتەیی بچووکترە (7.815) لە ئاست بەڵگەداریی (0.05) و نمرەی ئازادی (3)، خشتەی (6) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (6)**

**بەهای (کا$^2$)ی هەژمارکراو و خشتەیی بۆ ئاستی خوێندنی باوکان**

| کۆمەڵە | قەبارەی نموونە | خوار سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی یان پەیمانگا | زانکۆ و سەرووتر | نمرەی ئازاد | بەهایکا2 هەژمار کراو | بەهایکا2 خشتەیی | بەڵگەی ئاماریی لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 37 | 11 | 9 | 10 | 8 | 3 | 1.84 | 7.815 | بەڵگەداری ئاماریی نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | 37 | 12 | 7 | 9 | 9 | | | | |

**3. ئاستی خوێندنی دایکان:**

توێژەر لە میانی فـۆرمێکەوە کە بـۆ ئـەو مەبەستە ئامادەی کردبوو و بە یارمەتیی کارگـێڕیی قوتابخانە بەسەر قوتابیاندا دابەشی کردبوو، توانی زانیاریی پـێویست لەسەر ئاستی خوێندەواریی دایکان بەدەست بەێنێت پاشکۆی (4)، دوای بەدەستەێنانی زانیارییەکان و بەکارەێنانی کای دووجا (کا$^2$)، ئەنجامی داتاکان بەم جۆرە دەرکەوتن، بەهای (کا$^2$)ی هەژماکراو (1.68) بوو، ئەمەش لە بەهای (کا$^2$)ی خشتەیی بچووکترە (7.815) لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05) و نمرەی ئازادی (3)، خشتەی (7) ئەوە روون دەکاتەوە.

**خشتەی (7)**

**بەهای (کا$^2$)ی هەژمارکراو و خشتەیی ئاستی خوێندنی دایکان**

| کۆمەڵە | قەبارەی نموونە | سەرەتایی و خوارەوەی | ناوەندی | ئامادەیی یان پەیمانگا | زانکۆو بەسەرەوە | نمرەی ئازاد | بەهایکا2 هەژمار کراو | بەهایکا2 خشتەیی | بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی (0,05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 37 | 9 | 11 | 9 | 9 | 3 | 1.68 | 7.815 | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | 37 | 9 | 10 | 8 | 10 | | | | |

**4.نمرەکانی قوتابیان لە بابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی رابردوو (2022– 2023):**

توێژەر نمرەی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی لە بابەتی زمانی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی ساڵی خوێندنی رابردوو بەدەستەێنا، ئەوەش لە رێگەی تماری قوتابخانەوە پاشکۆی

**خشتەی (8)**

**ناوەندە هەژمار و لادانی پێوەری و بەهای تائیی (هەژمار کراو و خشتەیی) نمرەی قوتابیانی ساڵی خوێندنی رابردوو (2022–2023) بۆ نمرەکانی زمانی کوردی**

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | جیاوازی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری (0،05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 37 | 8.315 | 1.472 | 2.166 | 73 | 0.026 | 2 | بەڵگەداریی ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | 37 | 8.324 | 1.582 | 2.502 | | | | |

**جێگیریی تاقیکردنەوە:**

جێگیری خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی تاقیکردنەوەی باش، مەبەستیش لێی ئەوەیە کە تاقیکردنەوە هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات، ئەگەر پراکتیزەو جێبەجێ کردنی لەسەر هەمان تاکەکان و لە ژێر هەمان هەلومەرج و شوێن و کاتی جیاوازدا ئەنجام بدرێت. جێگیری تاقیکردنەوە بریتییە لە وردییەکەی، تاقیکردنەوەی ورد یان راستگۆش جێگیر دەبێت، هەرچەندەش نمرەی وردیی تاقیکردنەوەکە یان جێگیرییەکەی لاواز بێت، ئەوە بەڵگەی راستگۆییەکەیشی لاواز دەبێت، جێگیریی تاقیکردنەوە لەو تایبەتمەندییە سایکۆمەترییانە دادەنرێت کە دەبێ لە تاقیکردنەوەی باشدا هەبێت، کە ئاماژەیە بۆ ریکخستن و گونجانی نمرەکانی کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە تاکەکان، یان رێکخستنی شێوازی جیاواز لە هەمان تاقیکردنەوە، یان رێکخستنی بڕگەی هەمان تاقیکردنەوە (علام، 2006، ل. 89)

**بونیادنانی بڕگەكانی پێوەرەكەو نمرەكانی:**

توێژەرپێوەرەکەی بە (40) بڕگە بە شێوازی بەرایی بونیادناو هەموو بڕگەكانیش جێگیر بوون، جێگرەوەكانیش بریتی بوون لە (هەمیشە، هەندێك جار، بە دەگمەن)، نمرەكانی (3، 2، 1) بە دوای یەكتر بە بڕگە ئەرێنییەكان بەخشرا، واتە سێ نمرە بۆ جێگرەوەی (هەمیشە)و دوو نمرەش بۆ جێگرەوەی (هەندێك جار) و یەك نمرەش بۆ جێگرەوەی (هەرگیز)، سێ نمرەش (1 – 2- 3) بە دوای یەكتر بەخشرایە بڕگە نەرێنییەكان، بەمەش نمرەی گشتی بۆ قوتابیان مەزەندەكردنی بەرەو پاڵنەری و بەرەو بابەتەكە بوو، بەمەش پێوەرەكەی بە شێوەی كۆتایی لە (38) بڕگە پێكهات.

**رێكارییەكانی پراكتیزەو جێبەجێ كردنی ئەزموونەكە:**

1.توێژەر بە پراكتیزەو جێبەجێ كردنی ئەزموونەكەی لە سەرەتای دەستپێكردنی پراكتیزەو جێبەجێ كردنی رێكارییەكانی هاوسەنگی لەسەر قوتابیانی هەردوو كۆمەڵەی توێژینەوەكە، واتە لە رۆژی یەكشەممە، رێكەوتی (2023/10/1) هەتا رۆژی یەكشەممەی رێكەوتی (2024/1/21) لە وەرزی یەكەمی ساڵی خوێندنی (2023-2024) و بە واقیعی (2) بەشە وانە لە هەفتەیەك بۆ هەر كۆمەڵەیەكی ئەزموونی و هاوشێوەی بۆ كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو.

2. توێژەر خودی خۆی وانەكەی بە هەردوو كۆمەڵەی توێژینەوەكە دەوتەوە، بە جۆرێك بەپێی ستراتیجییەتی (تۆپەڵە بەفر) وانەی بە كۆمەڵەی ئەزموونی بەپێی پلانكارییەكی وانەوتنەوە كە بەپێی ستراتیجییەتی (تۆپەڵە بەفر) ئامادە كرابوو دەوتەوە، بۆ كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراویش لە هەمان ماوەو بە رێگەی ئاسایی و بەپێی پلانكاریی وانەوتنەوەی ئامادەكراو وانەكانی دەوتەوە.

4. توێژەر پێوەری پاڵنەری لە رۆژی دووشەممە 2024/1/18 لەسەر هەردوو كۆمەڵەی توێژینەوەكەی ئەزموونی و كۆنترۆڵكراو پراكتیزەو جێبەجێ كرد.

5. خودی توێژەر پشكنین و راستكردنەوەی بۆ وەڵامەكانی قوتابیانی هەردوو كۆمەڵەی توێژینەوەكەی بۆ بڕگەكانی تاقیكردنەوەی بەدەستهێنان و بڕگەكانی پێوەری پاڵنەری ئەنجام دا.

**ئامراز (هۆكار)ە ئامارییەكان:**

توێژەر بەرنامەی بەدەستهێنانی دەرچووی SPSS(26)و بەرنامەی مایكرۆسۆفت ئێكسڵ و ئەم هۆكارە ئامارییانەی خوارەوەی بەكارهێنا:

1.تاقیكردنەوەی تائی ((t-test) بۆ دوو چاوگەنموونەی سەربەخۆ

2.كای دووجا$X^2$:

3. هاوكێشەی ئاستەنگیی بڕگە

4.هاوكێشەی هێزی جیاكاریی بڕگە

5.چالاكییە جێگرەوەكان

6.هاوكۆلكەی پەیوەستگیریی پێرسۆن

7.هاوكێشەی ئەلفا كرونباخ: *Cronbach Alpha*

**خستنەڕووی ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوەكەو شرۆڤەكردنی:**

ئەم بەشە خستنەڕووی ئەو ئەنجامانە لەخۆ دەگرێت كە توێژەر پێی گەیشتووەو شرۆڤەكردنی بۆ زانینی كاریگەریی ستراتیجیی تۆپەڵە بەفر، پاشان زانینی بەڵگەداریی جیاوازیی ئاماریی نێوان ناوەندە نمرەكانی هەردوو كۆمەڵەی توێژینەوەكە بۆ دڵنیابوون لە هەردوو گریمانەكەی توێژینەوەكە.

**دووەم- شرۆڤەكردنی ئەنجامەكان:**

وەك لەو ئەنجامانە روون دەبێتەوە كە خرانەڕوو: ستراتیجییەتی (تۆپەڵە بەفر) بەسەر رێگەی ئاسایی لە وتنەوەی وانەی رێزمانی كوردیدا سەركەوتوو بوو، لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە :

1. وەڵامدانەوەی قوتابیان لەگەڵ ستراتجییەتی تۆپەڵە بەفر، بەوەی ستراتیجییەتێكی فێركاریی نوێیەو هەنگاوی تایبەتی خۆی هەیە كە پاڵ بە قوتابیانەوە دەنێت بۆ بەشداریكردنی كارایانە لە كاتی وانەكان و لەگەڵ رێگەی ئاسایی وانەوتنەوەدا جیاوازیی هەیە.
2. ئەو قوتابیانەی بابەتی رێزمانی كوردییان بە پێی ستراتیجییەتی (تۆپەڵە بەفر)یان خوێندووە، بە بەردەوامی و زیاتر پێشوازییان لە پرسیارەكانی مامۆستا دەكرد، لەبەرئەوەی ستراتیجییەتی تۆپەڵە بەفر تەنها بە وەڵامدانەوەی دیاریكراو و یەك قوتابی كۆتایی نایەت، ئەمەش وا لە قوتابی دەكات بیر بكاتەوەو هەڵسوكەوتی عاقڵمەندانە

ئەنجام بدات، بۆ گەیشتن بە وەڵامدانەوەی هەمەجۆرو بۆ گەیشتن بە وەڵامی راست و پێویست پاڵیان پێوە دەنێت و هانیان دەدات.

3. ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر لە میانی بەشداری کردن لە توێژینەوەکە هانی قوتابیان دەدات کۆمەڵە وەڵامێك بۆ پرسیارەکان بگەڕێت، ئەمەش دەبێتە مایەی بەهێزکردنی متمانەی قوتابیان بە خۆیان و سەرکەوتن و تێگەیشتنیان

## 4. سێیەم- بەرئەنجامەکان:

توێژەر ئەم بەرئەنجامگیریانەی لە ئەنجامی توێژینەوەکەی هێنایە ئاراوە:

1. کارایی ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی.
2. ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر حاڵەتیکی لە پاڵنەری و بەشداریکردنی ناو پۆل بۆ قوتابیان خوڵقاندووە لە چالاکییەکانی فێرکردن.
3. ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر هانی قوتابیانی داوە لە کارکردنی هەرەوەزی لە میانی کارکردن لە کۆمەڵەکان و

**چوارەم- راسپاردەکان:**

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە لێکۆڵینەوەکە بەدەستی هێناو توێژەر ئەم راسپاردانەی خستەڕوو:

1.هاندانی مامۆستایانی زمانی کوردی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە لەسەر بەکارهێنانی ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر لە پرۆسەی فێربوونی بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، لە سۆنگەی ئەو کاریگەریی لە تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان و پاڵنەری بەرەو بابەتەکە هەیەتی.

2.پێویستیی کردنەوەو سازدانی خولی مەشق و راهێنان و شیاندنی بەردەوام بۆ مامۆستایانی بابەتی ڕێزمانی کوردی دەربارەی چۆنیەتیی پشت بەستن و بەکارهێنانی ئەم ستراتیجییەتە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

3.هاندانی مامۆستایان لەسەر هەمەڕەنگ کردن و جۆراوجۆرکردنی ئەو رێگایانەی لە پرۆسەی فێرکردنی رێزمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێن لە قۆناغی سەرەتایی و لە میانی پراکتیزەو جێبەجێ کردنی هەندێك ستراتیجیی فێربوونی چالاك، لەوانەش ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر کە کاریگەریی لەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا سەلماندووە.

**پێنجەم- پێشنیارەکان:**

وەکو تەواوکارییەك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوە ئایندەییانەی خوارەوە دەکات:

1. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی تێگەیشتنی خوێندنەوەکاری و ئەنجامدانی کاری دەربڕین لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە ببەتی خوێندنەوە.
2. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوە بۆ زانین و ناسینی کاریگەریی ستراتیجییەتی تۆپڵە بەفر لە بابەتەکانی خوێندنەوەی دیکە و قۆناغەکانی دیکەی خوێندن.
3. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا لە گۆڕانکاریی دیکەی هاوشێوە وەکو بیرکردنەوەی رەخنەگرانەو بیرکردنەوەی داهێنەرانەو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان.

**سەرچاوەکان**

- قورئانی پیرۆز


**یەکەم:سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**

- شوانی، ڕەفیق. (٢٠٠٨). *زمانی کوردی وشوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا* . چاپخانەی خانە.
- نجم،هیوا نجاة(2022)، کاریگەری ستراتیژیەتی ڕاخەری شوێن لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی وخوێندنەوەی کوردی لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ومەیلیان بۆ بابەتی خوێندن، زانکۆی بەغدا،کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد (نامەی ماستەری بڵاونەکراوە).
- قادر،تارا موحسن(2004).جێناو:لێکدانەوەیەکی نوێ لەزمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی

دووەم:سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی


- ابراهيم،مجدي(2009) **معجم المصطلحات ومفاهيم التعليم والتعلم**،عالم الكتب.
- أبو الحاج، سها أحمد، وحسن خليل المصالحة، (2016) : إستراتيجيات التعلم النشط انشطة وتطبيقات عملية، ط1، مركز ديبونو لتعليم التفكير، عضو اتحاد الناشرين الأردنيين .
- ابو رياش ، حسين محمود (2007) التعلم المعرفي ، دار المسيرة للنشر والتوزيع.
- احمد،علي عبد الحميد(2010): التحصيل الدراسي وعلاقته بالقيم الإسلامية والتربوية ، مكتبة حسن العصرية.
- احمد،مهاباد عبدالكريم(2016):اثر استراتيجيتي التعليم المتمايز والجمعي في تحصيل الدراسي لمادة قواعد اللغة الكردية لدى تلميذات الصف الخامس الأبتدائي،**كلية التربية الأساسية** ،المجلد(22)،العدد(96).
- احمد،مهاباد عبدالكريم(2019):أثر استعمال القصص النحوية في تحصيل تلاميذ الصف الخامس الابتدائي في مادة القواعد والقراءة الكردية،**حوليات آداب عين شمس**،المجلد(47).
- الأسدي،سعيد جاسم وسندس،عزيز فارس(2015)مناهج البحث العلمي في العلوم التربوية والنفسية،مكتبة دجلة،عمان الاردن
- أمبو سعيدي، عبد الله بن خميس، وهدى بنت علي الحوسنية ،(2016): إستراتيجيات في التعلم النشط (180 إستراتيجية مع الأمثلة التطبيقية )،دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.
- البيرماني، تركي خباز ( 2001 ).التدريس ، فلسفته ، أهدافه ،تقنياته ، ط2، مكتبة طرابلس الجماهيرية العربية.
- التميمي،محمود كاظم محمود(2013)منهجية كتابة البحوث والرسائل في العلوم التربوية والنفسية،دار صفاء للنشر والتوزيع.
- الجبوري،سعد خليل ابراهيم،ورنا غانم حمدي الطائي(2022)،اثر استراتيجية كرة الثلج في دافعية التعلم لدى طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة الجغرافية،الجمعية العراقية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد(35)،العدد(4).
- الجحيشي ،عباس رسول عبد الله عباس(2022) أثر استراتيجية كرة الثلج في اكتساب الأنماط اللغوية وتنمية بعض مهارات التفكير الابداعي عند تلاميذ الصف الرابع الإبتدائي،جامعة الموصل،كلية التربية الأساسية،(رسالة ماجستير غير منشورة).
- الريماوي،محمد عودة(2004)،**علم النفس العام**،ط1،دار المسيرة للنشر والتوزيع.
- زيتون ،عايش محمود ،(2007) :النظرية البنائية واستراتيجيات تدريس العلوم، دار الشروق للنشر والتوزيع.
- زيتون،حسن حسين(2010)**تصميم التدريس**،ط2،عالم الكتب للنشر والتوزيع.
- صالح،حسام يوسف(2016):طرائق واستراتيجيات تدريس العلوم،ط1،المطبعة المركزية،جامعة ديالى.
- عطية، محسن علي ،(2016) :التعلم النشط أنماط ونماذج حديثة،دار صفاء للنشر والتوزيع ،عمان-الأردن.
- عطية،محسن علي(2008) الاستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال،دار الصفاء للنشر والتوزيع.
- عطية، محسن علي (2018) : التعلم النشط إستراتيجيات وأساليب حديثة في التدريس، ط1، دار الشروق.
- عبد،سلوى فائق(2010) أثر برنامج تعليمي في تنمية مهارات التفكير المعرفي لدى طالبات قسم رياض الأطفال،كلية التربية الأساسية،الجامعة المستنصرية،(رسالة غير منشورة).
- عدس،عبدالرحمن،محي الدين توق(2012)المدخل الى علم النفس،دار الفكر.
- عباس، محمد خليل، وآخرون(2011) مدخل الى مناهج البحث في التربية وعلم النفس, دار المسيرة للنشر والتوزيع.
- علام،صلاح الدين محمود(2006)الاختبارات والمقاييس التربوية والنفسية،دار الفكر.
- قطامي ، يوسف، (2013) :النظرية المعرفية في التعليم، دار المسيرة للنشر والتوزيع.
- المحمودي, محمد سرحان علي (2019) مناهج البحث العلمي , ط3, دار الكتب.
- مزدلفة (2019) : فعالية استخدام استراتيجية لعب كرة الثلج في تعلم مهارة الكلام، (دراسة لحصول على الدرجة الأولى في التعليم اللغة العربية) جاكارتا، جامعة شريف هداية الله الاسلامية الحكومية
- المنيزل،عبدالله فلاح وعدنان،يوسف العتوم(2010)مناهج البحث في العلوم التربوية والنفسية،دار أثراء للنشر والتوزيع.
- جمهورية العراق،وزارة التربية(2013)الاهداف العامة لمادة قواعد اللغة العربية،دائرة المناهج والكتب.
- خيري، لمياء محمد امين (2018) : التعلم النشط، ط1، مؤسسة يسطرون للنشر والتوزيع، الجيزة.

- يوسف ،عبدالسلام (2021)مناهج اللغة العربية وطرق تدريسها بين النظرية والتطبيق ،ط1،مكتبة المجمع العربي للنشر والتوزيع


## سێیەم سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی


- Petty,g,(2009): **Eridence-Based Teaching Apractical Approach** ,Saffron House